# هەواڵەکانی بزوتنەوەی جەماوەری سۆسیالستی و کرێکاری جیهانی

## مونتەدای جیهانی

لە 26-31 جەنیوەری ئەمساڵ لە شاری دافۆسی سویسرا بە بەشداری 5000 نوێنەرو 20 سەرۆك مونتەدای داڤۆس دەستی بەکارەکانی کرد. 700 لە خۆپیشاندەران دژ بە کۆبونەوەکە خۆپیشاندانییان کرد لە شارەکە . یوانی چینی و قەرزی وولاتە هەژارەکان و گەشەکردنی ئابوری و خزمەتگوزاری گشتی بۆ گەلانی هەژار و ژینگەو سەرمایەگوزاری لە بواری کۆمەڵایەتی گرنگترین بابەتەکانی ئەم کۆنگرەیە بوون .

لە بەرامبەریشدا مونتەدای پێنجەمی دژی لە بۆرتۆ لیغری بەرازیلی بە بەشداری 100000 و لە 122 وولاتەوە بەسترا , پارساڵ ئەم کۆنگرەیە لە بۆمبای هیندستان رێك خرا . لەم کۆنگرە جەماوەرییەدا داوای سرینەوەی قەرزی وولاتە هەژارەکانییان کرد و هەردوو سندوقی بانك و دراوی نێو دەوڵەتی کەوتنە بەر نەفرەتی ئەندامان .

ئەمساڵ شافێز بووە قارەمانی مونتەدا , کە هاتە ژورەوە ووتیان سەرۆك هات , لۆلا ڕەونەقی سالآنی نەمابوو بەهۆی ڕاستگۆ نەبوونی لەگەڵ ووتەکانی .شافێز لە کاتێکدا کاسکێتی شێوەی ئەوەی جیفارای لەسەر نابوو بە بەرگە سورەکەیەوە هاواری ڕوی لە لیژنەی جیفارا کرد ووتی :- پێویستە لە جیهاندا شۆڕشی هەژاران دژ بە سەرمایەداران دەست پێبکات .

شافێز بە هەنگاوی ئەم دواییەنەی لە دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له فه‌نزویلا له لایه‌ن كۆمۆنیسته‌كانی به‌رازیل و ساندینسته‌كانی نیكاراگواو و جوتیارانی بیٚ زه‌وی به‌رازیلییه‌وه  پێشوازی گه‌رمی لێكرا .












## ڕوسیا

–بڕیار وایه 12 شوبات خۆپیشاندانی سه‌رانسه‌ری دژ به بڕیاری 122 ساز بكرێت.

–كۆمۆنیسته‌كان توانییان له په‌رله‌مان 97 ئیمزا كۆبكه‌نه‌وه بۆ ڕوخاندنی حكومه‌ت , له‌ناو ئیمزا كه‌ره‌كاندا 3 په‌رله‌منتاری پارتی یه‌كێتی ڕۆسی ده‌سه‌ڵاتداری تێدایه .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نیپاڵ

لە کۆتایی مانگی پێشوو پاشای نیپاڵ کودەتای ئەنجام دا , حکومەتی هەڵوەشاندەوەو سیاسی و وەزیرەکانی دەست بەسەر کرد و حکومەتێکی نوێی لە 10 وەزیر پێك هێنا , خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەری و ڕاگەیاندن و پەیوەندی دەرەوەی بڕی .







سەدان کەس لەیەکەم ڕۆژی کودەتاکەوە گیران ,لە بوخاری 250 قوتابی کە دەیان ویست خۆپیشاندان ساز کەن گیران .

ئەمەریکا و یو ئێن و بەریتانیاو فەرەنساو هیندستان دژ بەم کودەتایە هەڵوێستییان وەرگرت . ئەمەریکا داوای لە هاوڵاتیانی خۆی کرد خۆ بپارێزن لە چون بۆ بازاڕ و دەرچون لە کەتماندۆ .

هەرچی ماوییەکانە کە لە یەکی ئەم مانگەوە مانگرتنی سەرانسەرییان جاڕ دابوو تا سێ ڕۆژ , لە 4 ی ئەم مانگە بەیاننامەیەکی کەیان دەرکرد داوای بەرەی جەماوەرییان کرد دژ بەم کودەتایە , نەرمییان بەرامبەر پارتە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسییەکان نواند لە داڕشتنی بەرنامەی بەرەکە . ئەوەی شایانی باسە خەباتی چەکداری ماوییەکان هۆکاری سەرنەکەوتنی هەڵبژاردن بوو لە نیپاڵ کە 75٪ خاکی وولات بە دەستیانەوەیە .

13ی ئەم مانگە کە یادی دەست پێکردنی خەباتی چەکدارییە بڕیار وایە لە سەرجەم نیپاڵ و نیودلهی و بۆمبای و کەلکەتاو چاندرا خۆپیشان دان دژ بە کودەتایە ساز بکرێت .

## ئەڵمانیا

بێکاری لە ئەڵمانیا گەیشتە 5,09 ملیۆن و ڕێژەی 12,1٪ , ئەمەش بەرزترین ئاستە لە دوای ساڵی 1933 ەوە .

ژمارەی ئەندامانی دوو پارتە گەورەکەی ئەڵمانیا لە کەمبونەوەدان , سۆسیال دیموکراتەکان 31000 ئەندام و دیموکراتی کریستان 12718 ئەندامییان وازییان هێناوە لە ساڵی ڕابروو , لە بەرامبەردا سەوزەکان دیموکرات سۆسیالستەکان(کۆمۆنیستی پێشوی ڕۆژهەلات ) ژمارەی ئەندامانییان زیادی کردووە .

هاوکات 60 لە نوێنەرانی سانديکا ناوچەییەکان بڕیارییان دا پارتێکی چەپی نوێ دروست بکەن بە ناوی پارتی کارو دادی کۆمەڵایەتی , هەروەها دەیانەوێت بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010 لیستی ئەلتەرناتیف پێك بهێنن .

## تورکیا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەرکەوت سەرۆکی پارتی کرێکارانی کۆمۆنیست دۆغۆ برجنیك بە ڕێنوێنی سەرۆکی موخابەراتی تورکی تیرۆر کراوە , عەلی بەدرەدین کە سەرکردەیەکی مافیایە ئەمەی لە دادگا دان پیٚ نا , ئەمەش سیمای کە دیموکراسییەتی تورکییای زیاتر دەرخست .

## ئیتاڵیا

ڕۆژنامەوانی ئیتاڵیایی جولیانا سفرنبا لە نزیك زانکۆی بەغدا بە بارمتە گیرا . ناوبراو پەیامنێری ڕۆژنامەی مانفیستۆی ئیتاڵییە لە عێراق , ناوبراو بۆخۆی دژ بەشەڕی عێراق بوو وە دەیەویست لەسەر ئاوارەکانی فەلوجە ڕیپۆرتاژ ئامادە بکات , باوکیشی بەرپرسی پارتی کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیایە لە شاری دومۆسلای لە باکوری ئیتاڵیا . ئەوەی شایانی ئاماژەیە ڕۆژنامەی مانفیستۆ لە کۆتایی هەشتاکان ماسیمۆ دالیما سەرنووسەری بوو .



## کوەیت

لە بەرواری 29-1-2005 ئیسلامییەکانی کوەیت داوای ئیجازەی پارتێکی سیاسییان کرد بە ناوی پارتی ئومە , بەڵام داواکارییەکەیان ڕەت

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کرایەوە . ئەوەی شایانی باسە پارتی سیاسی لە هەموو وولآتانی کەنداو یاساغە .

## میسر

خۆپیشاندانی ئۆپۆزیۆن پیشانگای نێو نەتەوەیی پەرتوکی لە قاهیرە تێك دا , ژمارەیەکی زۆر لە هاوولآتییان چونە بەردەم پێشانگاکە و داوای چاکسازییان دەکرد لە ژیانی سیاسی میسر و دژ بەوە بوون کورەکەی موبارەك ببێتە جێگیری . خۆپیشاندەران بە هەزاران پۆلیس و دەیان ئامێری سەربازی ئابلوقە دران . خۆپیشاندەران هاوارییان دەکرد تۆ دوا مۆدێلی جلو بەرگ لەبەرە کەیت ئێمەش 10 کەس لەیەك ژوردا دەژێین .



## نیشتمانی عەرەبی

ڕێژەی بێکاری لە نیشتمانی عەرەبی گەیشتووە بە 15٪ , ئەمەش زۆرترین ڕێژەی بێکارییە لە هەموو جیهان .

## مەغریب

بەهۆی ئازادکردنی بازرگانی جلوبەرگەوە مەترسی ئەوە هەیە 50000 کرێکاری مەغریبی لەم بوارە کارەکانییان لە دەست بدەن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هيندستان

7 پۆليسی هيندی له ئه‌نجامی ته‌قينه‌وه‌ی مينێك كه گه‌ريلا ماوييه‌كان چاندبوويان له ولايه‌تی جهارخاند گيانييان له ده‌ست دا . هاوكات 4 ته‌قينه‌وه‌ی كه‌ش ئارامی ناوچه‌كه‌ی تێك دا . ئه‌مه له‌سه‌رو به‌ندی ئه‌نجامدانی هه‌ڵبژاردنه‌كانی ناوچه‌يی ئه‌نجامدرا له‌م وولايه‌ته‌و ولايه‌تی بيهار كه له هه‌ژارترين ولايه‌ته‌كانی هيندستانن .



## بيل غيتس

بيل غيتس خاوه‌ندی كۆمپانيای مايكرۆسۆفت 750 مليۆن دۆلار ده‌به‌خشێت بۆ په‌روه‌رده‌ی منالآن له وولآته هه‌ژاره‌كان .




## ليبريا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵێك بە تاوانی کەڵك وەرگرتن ئەندامی زازێی مرۆڤ پاش کوشتنی خاوەنەکانییان . لە لیبریا باوەڕێك باوە کە ئەم ئەندامانەی جەستە یمرۆڤ توانای سیاسی دەدەن بەوانەی کەڵکی لێوەرەگرن , لەسەرو بەندی هەڵبژاردندا لە پێناو سەرکەوتندا سیاسییەکان هانای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان بیبەنەوە .

## کۆلۆمبیا

چواری ئەم مانگە 14 سەربازی کۆلۆمبی لە لایەن گەریلا مارکسیستەکانی فارکەوە کوژران , ئەوەی شایانی ئاماژەیە ئێستا فارك گەورەترین بزووتنەوەی چەکدارییە لە ئەمەریکای لاتین و چوار دەیەیە لە خەبات بەردەوامن .

## بەنگەلادیش

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا 6 مانگرتنی سەرانسەری لە بەنگەلادیش لە لایەن پارتی عەوامی بەنگەلادیشی و چەپەکانەوە سازکرا , داوای هەڵبژاردنی نویَ دەکرێت . لە ئەنجامدا پۆلیس هێرشی دەست پێکرد بۆ سەر جەماوەر دەیان کەس بریندار بوو وە سەدانیش گیراون .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## فەرەنسا

ڕۆژی شەممە 5-2-2005 خۆپیشاندانی توێژەوەرانی زانکۆو و کرێکاران فەرەنسای گرتەوە . پسپۆران دژ بە کەمکردنەوەی نەسریەی توێژینەوە وەستانەوە , هەزارانییان ڕژانە سەر شەقامەکانی پاریس .

هاوکات کرێکارانیش دژ بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری 35 سەعات کار لە هەفتەدا وەستانەوە کە حکومەتی ڕاستڕەو دەیەوێت کۆتایی پێبێنێت .چەپەکان دەڵێن دەیانەوێت ڕەوڕەوەی مێژوو بگەڕێننە دواوە , ئەمەو خۆپیشاندان 100 شاری گرتەوە . خەڵکی فەرەنسە 70٪یان دژ بەم چاکسازییانەی ڕاستڕەوەکانن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com